مجلة قەلای زانست العلمية

مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية– اربيل، كوردستان، العراق

المجلد ( ٣ ) – العدد ( ٢ )، ربيع ٢٠١٨

رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# کێشەی بە ناوەندیکردنی بەڕێوەبردنی نەوت و گاز لە عێراقی دوای ٢٠٠٥

ململانێکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و عێراقی فیدراڵ بە نموونە

The problem of the centrality of oil and gas management in Iraq beyond 2005
The conflict between the Kurdistan Regional Government and Iraq's federal model

**مامۆستای یاریدەدەر شاڵاو عبدالخالق محمد**

کۆلێجی یاسا و پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان / زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی

**مامۆستای یاریدەدەر سەرتیپ خالص حسین**

کۆلێجی یاسا و پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان / زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی

**معلومات البحث**

**تاريخ البحث:**
الاستلام: ٢٠١٨/١١/١٦
القبول: ٢٠١٨/١٢/١٣
النشر: ربيع ٢٠١٨

**Doi**: **10.25212/lfu.qzj.3.2.04**

**الكلمات المفتاحية:**

Administrative Decentralization, Central Decentralization, Oil & Decentralization, Kurdistan Region, Decentralization Oil, Central, national wealth, partnership, oil and gas,

## پوختە

**کێشەی بە ناناوەندیکردنی دەسەڵاتە سیاسی و ئابوورییەکان، یەکێکە لەو کێشە ئاڵۆزانەی کە عێراقی نوێی دوای سەدام حوسەین پیایدا تێ دەپەڕێت. لە دیارترینی کێشە ئاڵۆزەکانش لەناو پرۆسەی بە ناناوەندیکردنی دەسەڵاتەندا، کێشەی چۆنێتی بە ناناوەندیکردنی چۆنێتی بەڕێوەبردنی نەوت و گازە لە نێوان حکومەتی ناوەندی لە بەغدا و حکومەتی هەرێم و پارێزگاکان. هەرچەندە چۆنێتی بە ناناوەندیکردنی چۆنێتی بەڕێوەبردنی نەوت و گاز بەپێی ماددەکانی دەستووری نوێی عێراقی ساڵی ٢٠٠٥ دیاریکراوە، بەڵام بەهۆی دەرنەچوونی یاسایی نەوت و گاز لەسەر بنەمای ئەو دەستوورە، لە ساڵی ٢٠٠٧وە تا ئێستا کێشەو ململانێیەکی توند دروستبووە لە نێوان حکومەتی ناوەندی لە بەغدا و حکومەتی هەرێمی کوردستان لە هەولێر.**

**ئێستاش دوای ١٣ ساڵ لە دووبارە بنیادنانەوەی حکومەتی نوێی**

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية– اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٣ ) – العدد ( ٢ )، ربيع ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**عێراقی، تائێستا پرسی چۆنێتی بەڕێوەبردن و کۆنترۆڵکردنی کێڵگە نەوتیەکان لە ڕووی کارگێڕی و ئابووریەوە، یەکێکە لە پرسە پڕ لە کێشەکان چونکە حکومەتی ناوەندی لە بەغدا زیاتر هەوڵدەدات دەسەڵاتی بەڕێوەبردنی نەوت و گاز لەژێر دەسەڵاتی خۆیدا بهێڵێتەوە. کە بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیەش تەنها دەبێت لە ڕێگەی دەرکردنی چەند یاسایەکەوە بێت کە بتوانێت دەسەڵاتێکی کاریگەر بۆ حکومەتە خۆجێی و هەرێمەکان بگوازێتەوە، تابتوانێت نەوت و گازی ژێر دەسەڵاتی خۆیان بەڕێوەبرن بەشێوەیەك لەگەڵ سیاسەت و بەرژەوەندی حکومەتی ناوەندیدا دژ نەبێت" لەبەرامبەریشدا دەبێت توانای چاودێریەکی بەهێز بە نوێنەرەکانی گەل ببەخشێت لە ئەنجومەی نوێنەران کە بتوانێت جاودێری چۆنێتی بەڕێوەبردنی نەوت و گازبکات لە نێوان هەردوولادا.**

constitution, federal authority.

## پێشەکی

عێراق کە بە گشتی بەنزیکەی ١٤٣ ملیار یەدەگی نەوت و١١٢ تریلیۆن پێ سێ جا یەدەگی گاز دەخەملێنرێت . پاش ڕووخانی ڕژێمی سەدام لە عێراق لەساڵی ٢٠٠٣دا، هەوڵ بۆ دابەشکردنی دەسەڵاتەکان درا لە نێوان حکومەتی ناوەندی عێراق و حکومەتی هەرێم و سەرجەم پارێزگاکانەوە لەسەر بنەمای دەستووری نوێی عێراقی ساڵی ٢٠٠٥، بەتایبەتی، لە ڕێی ماددەکانی ( ١١٣، ١١٤، ١١٥)ەوە. ئەمەش لە پێناوی ئەوەدابوو، کە دەرفەتێکی بە گەل و پێکهاتەکانی عێراق بە کورد و عەرەب لەلایەك و سونە و شیعە لەلایەکی تر بدەن کە عێراقێکی نوێ بەشێوازێکی دادپەروەرانە بنیاد بنێنەوە، بەڵام لە دەرەنجامدا دابەشکردنی دەسەڵاتەکان لەبری ئەوەی ئارامی و ئاسایش و خۆشگوزەرانی بۆ سەرجەم هاوڵاتیانی عێراق دابین بکات لەسەرجەم هەرێم و پارێزگاکاندا، بەپێچەوانەوە، ململانێ سیاسی و تایفی و نەتەوەییەکانی نێوان پێکهاتە جیاجیاکانی عێراقی زیاتر قووڵکردەوە.

بەلامەرکەزیکردنی نەوت و گازی لە عێراقدا لە ڕێگەی بەلامەرکەزیکردنی پارێزگاکان و هەرێمەکان بەشێوازێك داڕێژرابوو کە سەرجەم بوارەکانی کارگێڕای و ئابووری و سیاسی بگرێتەوە بە بە ڕێوەبردنی نەوت و گازیشەوە. بەڵام ئەوەی کە ڕوویدا لە ڕووی جێبەجێکرنی بە ناوەندنیکردنەوە، تەنها لە هەرێمی کوردستان خرایە بواری جێبەجێکردنەوە. ئەم بە ناناوەندیکردنەش کۆمەڵێك کێشەی سیاسی و ئابووری و دارایی لێکەوتەوە.

### گرنگی توێژینەوە:

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية– اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٣ ) – العدد ( ٢ )، ربيع ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

گرنگی ئەم توێژینەوە لەوەدایە کە بایەخی بە نا ناوەندیکرنی سەرچاوە سروشتیەکان (نەوت و گاز) لە عێراق بخاتەڕوو بە تایبەت دوای نووسینەوە و پەسەندکردنی دەستووری هەمیشەیی عیراقی فیدراڵ لە ساڵی 2005. بەواتایەکی تر کاریگەری چۆنیەتی دارشتنەوەی سیستەمی سیاسی عیراق لەرووی ناناوەندیەوە بخاتەروو.

**ئامانجی توێژینەوە:**

ئامانجی توێژینەوەکە خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کەوا کێشەی بە ناناوەندیکردنی سەرچاوە سروشتیەکان بە تایبەت نەوت و گاز لە عێراق دوای نووسینەوەی دەستوری ساڵی 2005 روونبکاتەوە پاشان لە دواییدا ململانێکانی نێوان حکومەتی عێراقی فیدراڵ و هەرێمی کوردستان وەکو نمونە وەربگرێت و دەستنیشانی ج ۆری کێشەکان بکات و بەدوای چارەسەری گونجاوی زانستیدا بگەرێت.

**پرسیاری توێژینەوە:**

**پرساری توێژینەوە بریتی دەبێت لە–**

1. ئایا کێشەی بە نا ناوەندیکردنی بەرێوەبەردنی نەوت و گاز لە عێراق چیە ؟
2. ئایا کێشەی بە نا ناوەندیکردنی بەرێوەبەردنی نەوت و گاز لە عێراق دوای نووسینەوە و پەسەندکردنی دەستووری هەمیشەیی عێراقی ساڵی 2005 دەبێتە هوی سەقامگیری سیاسی یان ململانێکانی هەریم و عێراقی قوڵتر کردۆتەوە ؟

**گریمانەی توێژینەوە:**

وەك وەڵامدانەوەیەکی سەرەتایی بۆ پرسیارەکانی توێژینەوەکە، گریمانەی ئەوە دەکەین کە بە ناناوەندیکردنی بەرێوەبەردنی نەوت و گاز لە عێراق دەبێتە هۆی سەقامگیری دارایی و سیاسی لەعیراق بە گشتی و کەمکردنەوەی ململانێکانی نێوان حکومەتی هەریمی کوردستان و عێراقی فیدڕاڵ بە تایبەتی.

**میتۆدی توێژینەوە:**

لەم توێژینەوەیەدا هەوڵ دەدرێت سوود لە میتۆدی (وەصفی و شیکاری ) وەربگیردرێت بۆ وەصفکردنی پرۆسەی بە نا ناوەندیکردنی نەوت و گاز لە عێراق و دواتر شیکردنەوەی هاوکێشەی بە نا ناوەندیکردنی نەوت و گاز لە عێراق.

**پکێهاتەی توێژینەوە (پلانی توێژینەوە):**

ئەم توێژینەوە دابەش دەبێت بۆ سەر چوار باس، لە باسی یەکەمدا باسی بە ناناوەندی کردن و کێشەی دەسەڵاتی حکومەتە خۆجێییەکان لە عێڕاقدا دەکەین. لە باسی دووەم دا تیشك دەخرێتە سەر نەوت و گاز لە عێراق و چوارچێوەی یاسایی و

دەستووری ئەم بابەتە روونده‌كرێتەوە، لە باسی سێیەمدا ململانێكانی نێوان حكومەتی هەرێمی كوردستان و عێراقی فیدراڵ دەخرێتەروو، هەروەها كێشەی نا ناوەندیكردنی بەرێوەبەردنی نەوت و گاز لە عێراق شیدەكرێتەوە.

ئەم توێژینەوە دابەشدەبێت بۆ سەر چوار باس، لەباسی یەكەمدا باسی بەناناوەندیكردن و كێشەی دەسەلاّتی حكومەتە خۆجێییەكان لەعێراقدا دەكەین. لەباسی دووەمدا تیشك دەخرێتە سەر نەوت و گاز لە عێراق و چوارچێوەی یاسایی و دەستووری ئەم بابەتە روونده‌كرێتەوە، لە باسی سێیەمدا ململانێكانی نێوان حكومەت یهەرێمی كوردستان و عێراقی فیدراڵ دەخرێتەروو، هەروەها كێشەی ناناوەندیكردنی بەرێوەبەردنی نەوت و گاز لە عێراق شیدەكرێتەوە لەگەل پێشكەش كردنەگەڵ پێشكەشكردنی چەند پێشنیاریك لە چوارچێوەی دەرەنجامی توێژینەوەكەدا.

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية– اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٣ ) – العدد ( ٢ )، ربيع ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## باسی یەکەم

## بە ناناوەندی كردن و كێشەی دەسەڵاتی حكومەتە خۆجێییەكان لە عێراقدا

### 1.1: ناناوەندی كارگێڕی وسیاسی

پرسی لامەركەزییەت ئەوەندەی پرسێكی سیاسییە، ئەوەندە پرسێكی كارگێڕی و یاسایی نییە، لەبەر ئەوەی گرێدراوە بۆ چۆنیەتیی مامەڵەكردن بە دەسەڵات و ئاستەكانی دابەشكردنی ئەو دەسەڵاتە گشتییانەی لەسەر ئاستی كیانە سیاسییەكان بوونیان هەیە. بە واتایەكی دیكە، ناتوانین پێشبینیی هاتنەسەر ئەرزی واقعی لامەركەزییەت بكەین ئەگەر كەلتووری دابەشكردنی دەسەڵات و شۆڕكردنەوەی بۆ هەموو ئاستەكانی كۆمەڵگە نەبێتە كەلتوورێك و، لە هەموو جومگەكانی ژیانی سیاسیدا ڕەنگ نەداتەوە. لامەركەزییەتیش بە هەموو ئاستەكانییەوە لە پلەی یەكەمدا، پەیوەستە بەو زیهنییەتە سیاسییەی كە سیستەمی سیاسیی پێ بەڕێوە دەچێت. ئەگەر زیهنییەتی سیاسیی دەسەڵاتداران بە ئاراستەی چڕكردنەوەی دەسەڵات بێت لە ناوەندێكی بەهێزدا، ئەوا هەموو دەقە دەستووری و یاساییەكانیش ناتوانن لامەركەزییەت لەسەر ئەرزی واقع جێبەجێ بكەن.

بە شێوەیەكی گشتی دوو جۆر لامەركەزیەت هەیە : لامەركەزیەتی سیاسی و لامەركەزیەتی كارگێڕی.

**یەكەم**: لامەركەزیەتی سیاسی political decentralization: واتە دابەشكردنی دەسەڵاتە سیاسی، كارگێڕی و ئابوورییەكان لە نێوان حكومەتی ناوەند و حكومەتە هەرێمایەتییەكاندا"[1] هەروەك ئەو پەیوەندییەی هەرێمی كوردستان لەگەڵ بەغدا لە ڕێگەی دەستووری نوێی عێراقەوە دروستی كردووە. هەرچەندە زۆر لە ڕووی پێكهاتە و ستراكچەری دامەزراوەكانی حوكمڕانیكردنەوە تەواو نییە، چونكە لە لایەك پێكهاتەی دەسەڵاتی یاسادانان و حوكمڕانی ناتەواوە، لە لایەكی تریشەوە پەیوەندیی نێوان حكوومەتی ناوەندی و هەرێم و پارێزگاكان، پڕە لە كێشە و ململانێی سیاسیی ناتەندروست.

**دووەم**: لامەركەزیەتی كارگێڕی Administrative Decentralization: واتە، بەخشینی بەشێك لە دەسەڵاتە كارگێڕییەكان لە لایەن حكوومەتی ناوەندەوە بە حكومەتی هەرێم و پارێزگاكان.[2] وەك ئەو دەسەڵاتە كارگێڕی و داراییانەی بەشێكی زۆر لە حكوومەتەكانی ئەورووپا بە هەرێم و پارێزگاكانیان بەخشیووە. هەروەها فەقیهی فەرەنسی (دی لوبادیر) پێناسەی

[1] نبيل عبدالرحمن الحياوي، اللامركزية و الفيدرالية، المكتبة القانونية، الطبعة الثالثة، بغداد 2007، ص21
[2] د.حسن محم، المباديء الاساسية للقانون الاداري، دراسة مقارنة، المؤسسة الجامعية للدراسات و النشر و التوزيع، الطبعة الاولى، بيروت، 1997، ص25

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية– اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٣ ) – العدد ( ٢ )، ربيع ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لامەرکەزیەتی کارگێری دەکات "دەستەی خۆجێیین و پیادەی دەسەڵاتی کارگێری دەکەن و سەربەخۆییەکی زاتیان هەیە"[3]

## 2.1: سروشتی ناناوەندی سیاسی و کارگێری لەعێراقدا

بۆ ئەوەی لەسروشتی پەیوەندی نێوان حکومەتی ناوەندی و حکومەت یان کارگێریە خۆجێییەکان تێبگەین دەبێ بروانینە ئەو دەسەڵاتانەی دەستور بەهەردووکیانی داوە، هەروەها چۆن ئەو پەیوەندیەی ڕێکخستووە . لێرەدا هەوڵ دەدەین ئاماژە بەدەسەڵاتەکانی هەر یەکەیان بکەین:

1/ دەسەڵاتەکانی حکومەتی ناوەندی: جگە لەوەی حکومەتی ناوەندی پارێزگاری لەیەکپارچەیی عێراق و سەربەخۆیی و سەروەری و سیستەمە سیاسیەکەی دە کات، لە هەمان کاتدا چەندین دەسەڵاتی تایبەتمەندی پێدراوە[4] کە ژمارەی دەسەڵاتە تایبەتەکانی 7 دەسەڵاتی فیدراڵیە.

2/ دەسەڵاتە هاوبەشەکانی نێوان حکومەتی ناوەندی و حکومەتی هەرێم و پارێزگاکان، لەدەستوری عێراقیدا چەندین دەسەڵات دیاری کراوە کەبەهەماهەنگی و هاوبەشی لەلایەن هەردووکیانەوە بەرێوەدەچن، کە گرنگترینیان بەرێوەبردنی گومرکە . دەسەڵاتە هاوبەشەکانیش بەهەمان شێوە ژمارەیان 7 دەسەڵاتە.[5]

3/ پسپۆریەتی حکومەتی هەرێم و پارێزگاکان، دەستوری عێراق لەدابەشکردنی دەسەڵاتەکان شێوازی (لاحصری) وەرگرتووە، بەواتای ئەوەی دەسەڵاتی تایبەتمەندی حکومەتی ناوەندی دیاریکردووە لەگەڵ دەسەڵاتە هاوبەشەکان، ئەوەی دەمێنێتەوە دەچێتە چوارچێوەی دەسەڵاتی هەرێم و پارێزگاکان[6] . بۆیە لێرەدا ناروونیەك هەیە لە دەسەڵاتەکان، لەگەڵ ئەوەشدا لەرێگەی هەڵێنجانی ماددەکانی دەست وری عێراقیەوە دەکرێ هەندی دەسەڵاتی هەرێم و پارێزگاکان دیاری بکرێت[7] . هەروەها لەماددەی 121 هەندێ پسپۆری دیکەی بۆ هەرێمەکان زیادکردووە.

بۆ زانینی سروشتی پەیوەندی نێوان حکومەتی ناوەندی و حکومەتە خۆجێییەکان دەبێ چەند پرسێك لەبەرچاو بگیرێت، لەوانە، ئایا پەیوەندی نێوانیان لەسەر چ بنەمایەکە؟ ئایا ئەو پەیوەندییە لەچ ئاستێکدایە؟ سنوری دەسەڵاتەکان چەندە؟[8] وەڵامی

---

[3] د.اسماعيل صعصاع غيدان، "اللامركزية الادارية الاقليمية في العراق-دراسة في تداخل اختصاصات و الرقابة" دراسة منشورة في مجلة رسالة الحقوق، جامعة كربلاء، العدد الخاص بالبحوث المؤتمر القانوني الوطني الاول، 2002، ص22

[4] ماددەی 110 لەدەستوری هەمیشەیی عیراق

[5] ماددەی 114 لە دەستوری هەمیشەیی عیراق 2005 ، سەرەرای ئەو دەسەڵاتە هاوبەشانە لەماددەی 112ەشدا هەندێ دەسەڵاتی هاوبەشی دیکەی زیادکردووە، کەبریتین لە 1/ حکومەتی ناوەندی بەشداردەبێ لەگەڵ حکومەتی هەرێمەکان لەبەرێوەبردنی نەوت و گاز. 2/ بەشداردەبێ لەدارشتنی سیاسیەتی ستراتیژی بە ئامانجی گەشەپێدانی سامانی نەوت و گاز.

[6] ماددەی 115 لە دەستوری هەمیشەیی عیراق 2005 .

[7] د. عامر ابراهيم أحمد، الادارة اللامركزية الاقليمية في القانون العراقي (دراسة مقارنة مع القانون الاماراتي ) مكتبة زين الحقوقية و الادبية / الطبعة الاولى، بيروت2013، ص245.

[8] طه حميد حسن، العراق بين اللامركزية و الفيدرالية، ص68

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية– اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٣ ) – العدد ( ٢ )، ربيع ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەستور بۆ ئەو پرسیارانە ئەوەیە کە هەموو ئەو پرسانە بەیاسا رێکدەخرێت، بۆیە دەبینین بەشێکی زۆری یاسا تایبەتمەندەکان بەو بوارە تا ئێستا دەرنەچووە، لەسەرووی هەموویانەوە یاسای نەوت و گاز کە تا ئێستاش کێشەی زۆری لەسەرە . بەشێوەیەکی گشتی چەند تێبینیەك هەیە لەسەر ئاستی ناناوەندی و سروشتی پەیوەندیەکانی نێوان حکومەتی ناوەندی و حکومەتە خۆجێییەکان (هەرێم و پارێزگاکان)

1/ بەپێی دەقەکانی دەستور دەردەکەوێت کە مامەڵەیەکی هاوسەنگ لەگەڵ هەرێم و پارێزگاکان نەکراوە، لەهەندێ شوێندا پارێزگاکان بەشێوەیەك بەرزکراونەتەوە کەگەیێنراونەتە ئاستی هەرێمێکی فیدراڵی . لە هەندێ شوێنیشدا پارێزگاکان بەشێوەیەك نزم کراونەتەوە کە لەئاستی ناناوەندی کارگێری کەمترە .[9] واتە ئەو دەستورە بەشێوەیەك سەرکەوتوو نەیتوانیوە جیاوازی بکات لەنێوان ناناوەندی سیاسی و ناناوەندی کارگێری، بەتایبەت کاتێك باس لەدەسەڵاتە هاوبەشەکان دەکات[10] هۆکاری ئەم تێکەڵ کردنەش بۆ دوو هۆکار دەگەرێتەوە، یەکەمیان نەبوونی ئەزموونێکی تەندروست لەپەیرەوکردنی ناناوەندی کارگێری[11] هەروەها زەمینە خۆکردنێکە بۆ لاوازکردنی پێگەی سیاسی هەرێمە فیدراڵیەکان، کەهەرێمی کوردستان تاکە هەرێمە لەعیراقی فیدراڵدا.

2/ سەبارەت بەچۆنیەتی چاودێری کردنی حکومەتە خۆجێییەکان جۆرێك لەتێکەڵاوی هەیە. لەبنەرەتدا پێویستە حکومەتی ناوەندی ببێتە چاودێرێك بەسەر کۆی کارەکانی حکومەتی خۆجێیی لەپارێزگاکان، بەڵام لەسەر ئاستی هەرێمەکان ئەو چاودێریەی حکومەتی ناوەندی دەبێت سنوردار بکرێت، بەتایبەت لەرووی نەبەستنەوەی کاروباری هەرێم بەوەزارەتەکانی حکومەتی ناوەندیەوە. بەڵام لەدەستوری عیراق و یاسا کارپێکراوەکاندا، ئاستی چاودێری کردن بەسەر هەرێمەوە زیاترە لە ئاستی چاودێری کردن بەسەر حکومەتی پارێزگاکان، بەتایبەت لەو پرسانەی پەیوەستن بە چۆنیەتی بەرێوەبردنی گومرگ و سەرچاوە سروشتیەکان، کە چاودێریەکی زێدەی خستۆتە سەر هەرێمی کوردستان.

3/ ئاشکرایە دەستور لەرێگەی دیاریکردنی پسپۆریەتەوە هەیکەلیەتی حکومەتەکان دیاری دەکات، پاشان دەشێ هەر پسپۆریەتێك یان چەند پسپۆریەتێك لەرێگەی وەزارەتێکەوە بەرجەستە بکرێت، کەواتە ئەو وەزارەتانەی بۆبەرجەستەکردنی پسپۆریەتیکی حکومەتی ناوەندی دامەزراون، وەزارەتی دەستورین، بەڵام ئەو وەزارەتانەی بۆ پەیرەوکردنی ئەو پسپۆریەتانە دامەزراون کە لەسنوری دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندی نییە، ئەمانە وەزارەتی نادەستورین، حکومەتی ناوەندی لەریگەی وەزارەتە نادەستوریەکانەوە هەیکەلییەتێکی گەورەتری بەخۆی بەخشیوە بۆ ئەوەی کۆنترۆڵ سیاسیانەی حکومەتە خۆجێییەکان بکات.[12]

[9] أحمد علي أحمد، التنظيم الاداري في د ول الاتحادية، رسالة مقدمة لنيل درجة ماجستير في الحقوق، كلية الحقوق و العلوم السياسية – جامعة بيروت العربية، بيروت2014، ص 125
[10] د. عامر ابراهيم، المصدر السابق، ص 252
[11] د.فوزي حسين سلمان و فريد كريم علي، " اللامركزية الادارية في العراق مالها و ما عليها – دراسة مقارنة" دراسة منشورة في مجلة رافدين للحقوق، المجلد (15) العدد 55، سنة 17، ص 317
[12] هۆگر ئیبراهیم حکیم، سروشتی دیموکراسی لامەرکەزیەتی کارگێری، چاپخانەی رۆژهەلأت، هەولێر2017 ، ل 127

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية– اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٣ ) – العدد ( ٢ )، ربيع ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## 3.1: بە ناناوەندی کردنی نەوت گاز

بە نا ناوەندیکرنی سەرچاوە سروشتیەکان (نەوت و گاز) یەکێکە لە رەگەزە بەهێزەکان بۆ بنیاتنانی دەوڵەتی دیموکرات و دابینکردنی خۆشگوزەرانی و ئارامی سیاسی و ئابووری لە زۆربەی وڵاتانی خاوەن نەوت لەسەر ئاستی جیهاندا.[13] هەروەها گواستنەوەی ناوەندی هێز و سەرچاوەی ئابووری بۆ یەکە سیاسیەکان ناوخۆییەکان، یەکێکە لە بابەتە سەرەکیەکانی بە ناناوەندیکردنی سەرچاوەی سروشتی، کە هەوڵ دەدات ناوەوەی سیستمی سیاسی بەشێوازێکی سیستەماتیکیانە بەهێز بکات.

ئەم بە ناوەندی کردنە لە چۆنێتی بەڕێوەبردنی نەوت و گازدا، دەبەسترێتەوە بە خاڵێکی سەرەکیەوە کە ئەویش خاوەندارێتی ئەو سامانە سروشتیەکە و جۆری سیستەمی سیاسی وولاتەکەوە لە ڕووی شۆڕکردنەوە و دابەشکردنی دەسەڵاتەکانەوە لە نێوان حکومەتی ناوەندی و حکومەتە هەرێمی و کارگێریە خۆجێیەکانەوە..

ئەگەر سەرەتا بێینە سەر خاوەندارێتی نەوت و گازەوە، ئەوا بە شێوەیەکی گشتی لە لایەن حکوومەتێکی ناوەندی بەڕێوە دەبردرێت، یان بە هاوبەشی لە لایەن حکوومەتی ناوەندی و هەرێمەکانەوە، یان لە لایەن کۆمپانیای نیشتمانی و کەرتی تایبەتەوە بەڕێوە دەبردرێت سیٚ جۆر خاوەندارێتی هەن[14]:

- خاوەندارێتییەکی ناوەندی: واتا حکوومەتی ناوەندی خاوەندارێتی سەرجەم ئەو نەوت و گازانە دەکات کە دەکەونە خاك و سنووری جوگراف هەموو وولاتێکەوە، کە ئەم نموونەیەش لە زووربەی وولاتانی عەرەبی و ئێران و ئەمریکای لاتین و تەنانەت بەریتانیاش دەگرێتەوە.
- دابەشکردنی خاوەندارێتیی ناناوەندی: واتە ئەو خاوەندارێتیە لە نێوان حکومەتی ناوەندی و هەرێمەکان (ویلایەتەکان) جیٚ بەجیٚ دەکرێت. بە واتایەکی تر خاوەندارێتیە بە پێی سنووری جوگراف و ئاستی باڵادەستی حکومەتەکان بەسەر ئەو خاکانەی کە نەوت و گازەی تیادا کۆبۆتەوە. کە ئەم جۆرە خاوەندارێتیەش لە ئەمریکا و کەنەدا و عێراقی داوای ساڵی ٢٠٠٥ دەبینرێت.
- خاوەندارێتیی تایبەت: خاوەندارێتییەکە بۆ ئەو نەوت و گازەی کە دەکەونە خاك و سنووری دەسەڵاتی تاکەکەسەکان و ئەو خێزانانەی بۆ زیاتر لە چەند سەدەیەك لەسەر ئەو خاکە ژیاون" واتە خاکەکە موڵکی شەخسیی خۆیان. ئەم نموونەیەش لە ئەمریکا و مەکسیك هەن.

سەبارەت بە سیستەمی سیاسی، ئەویش بەشێوازێکی ڕاستەوخۆ کاردەکاتە سەر چۆنێتی بەڕێوەبردنی نەوت و گاز لەسەرجەم وولاتاندا، چونەکە ڕاستەخۆ پەیوەندیدارە بە دابەشکردنی دەسەڵاتە ئابووری و سیاسی و کارگێڕێکانەوە. ئاشکرایە

[13] Jesse C. Ribot, Democratic Decentralization of Natural Resources Democratic Decentralization of Natural Resources- Institutionalizing Popular Participation, World Resource Institute, 2002

[14] شالاو عبدالخالق محمد، دیبلۆماسیەتی خوێنی ڕەش، زانکۆی لوبنانی فەرەنسی، دەزگای تەفسیر بۆچاپ و بلاوکردنەوە، هەولێر 2017.

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية– اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٣ ) – العدد ( ٢ )، ربيع ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ووڵاتان لەرووی سیاسی جۆری دەوڵەتەوە سروشتی جیاوازیان هەیە، بەشێوەیەکی گشتی لەڕووی زانستی دەوڵەتدارییەوە دوو جۆر سیستەمی سیاسیمان هەیە سیستەمی ناوەندی و ناناوەندی.[15]

## باسی دووەم

## نەوت و گاز لە عێراق و چوارچێوەی یاسایی و دەستووری

### 1.2: نەوت لە عێراق و کوردستان

بە شێوەیەکی گشتی ڕێژەی نەوتی یەدەگی عێراق بە بڕی (143) ملیارد بەرمیل نەوت دەخەملێندرێت کە بە پلەی سێیەم لەسەر ئاستی جیهان دوای سعودیە و فەنزویلا دێت[16]، ئەم ڕێژەیە بە (10٪)ی ڕێژەی نەوتی یەدەگی جیهان دادەنرێت،[17] ، ئەگەرچی ئەم ڕێژەیە تەنها خەملانە ڕەنگە دوای گەرانی چرو پر ڕێژەکە بەرز ببێتەوە، بەلأم ئەم ڕێژەیە دەوڵەمەندی عێراق نیشان دەدات لە رووی سامانی سروشتیەوە، هەروەها پێگەی عێراق لەسەر نەخشەی وزەی جیهان بەهێز دەکات.

سەبارەت بە ڕێژەی نەوتی هەرێمی کوردستان، بە پێی بڵاوکراوەی فەرمی وەزارەتی سامانە سروشتیەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان– عیراق[18]، ڕێژەی نەوتی یەدەگی کوردستان بە بڕی (45-50) ملیار بەرمیل نەوت دەخەملێندرێت . هەروەها گۆڤاری زانستی (ORIENS)ی رووسی یەدەگی نەوتی هەرێمی کوردستان بە هەمان شێوە بە بری (45) ملیارد بەرمیل دەخەملێرێت کە بە پلەی (6) شەشەم دێت لەسەر ئاستی جیهان[19]. ئەم ڕێژەیە بەراورد لەگەڵ ڕێژەی یەدەگی نەوتی عێراق

---

[15] ا.د.محمد كامل ليلة، النظم السياسية (الدولة و الحكومة)، دار الفكر العربي، 1969، ص103

[16] سایتی وەزارەتی نەوتی حکومەتی عێراقی فیدراڵ (www.oil.gov.iq) ڕێکەوتی سەردان (15–10–2017).

[17] سيدى أحمد ولد أحمد سالم ، الفط العراقي..الاحتياطي والإنتاج، ڕێکەوتی سەردان (20–10–2017).
http://www.aljazeera.net/specialfiles/pages/71684a9a-631d-4fca-beed-2871c93d3d77

[18] بروانامە وێبسایتی فەرمی وەزارەتی سامانە سروشتیەکانی هەرێم: www.mnr.krg.org

[19] Касаев Э. О. Ирак: о перспективах развития и рисках российского нефтяного бизнеса. Восток (ORIENS). № 2, 2001. С. 57.

ڕێژەیەکی بەرچاوە و دەکاتە نزیکەی یەك لەسەر سێی (3/1)ی ڕێژەی یەدەگی نەوتی عێراق، [20] ئەم ڕێژەیە کاریگەری پێگەی کوردستان دیاری دەکات لەسەر نەخشەی وزەی عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەراست بە تایبەتی و جیهان بە گشتی [21].

کەدەتوانین بڵێن، هێز و توانای ئابووری و سیاسی هەرێمی کوردستان لە ڕووی هەرێمی و نێودەوڵەتیەوە لەو کاتەوە بەدیارکەوت کە حکومەتی هەرێمی کوردستان لەرێگەی وەزارەتی سامانە سروشتیەکان و بەشێك لەکۆمپانیا نێودەوڵەتیەکانی بواری ووزە، ئاست و ڕێژەی نەوت و گازی لەناوچە جیاجیاکانی هەرێمی کوردستانی راگەیاند . کەواتە ئەمەش هەرێمی کوردستانی خستە نێو قۆناغێکی نوێ لەبواری مامەڵەکردن لەگەڵ حکومەتی عیراقی فیدراڵ و حکومەتە جیاجیاکان لەسەر ئاستی هەرێمی و جیهان.

## 2.2: گازی سروشتی لە عێراق و کوردستان

یەدەگی گازی عێراق بە بڕی 3170 ملیار مەتر سێجا دەخەملێنرێت کە دەکاتە پێنجەم وڵات لەسەر ئاستی وڵاتانی عەرەبی و 6٪ ڕێژەی یەدەگی وڵاتانی عەرەبی و 3.4٪ ڕێژەی یەدەگی ڕێکخراوی ئۆپیك و 1.7٪ی یەدەگی جیهان[22]

بەڵام ڕێژەی گازی سروشتی یەدەگی کوردستان بە بڕی (100–tcf200) تریلۆن پیێ سێجا دەخە ملێندرێت، کە دەکاتە (5/67 bcm) ملیار مەتر سێجا کە ڕێژەی (3٪)ی یەدەگی جیهان پێك دێنێت ، بەڵام تاوەکو ئێستا لە هەرێم گازی سروشتی بۆ بەرهەمهێنانی ناوخۆ بەکاردێت و لە ساڵی 2011 بەرهەمی گازی سرەوشتی لە کوردستان هەبووە کە بریتی بووە لە 2 تا 6 تریلۆن مەتر سێجا بەلأم بۆ بەرهەمهێنان و دابینکردنی وزەی کارەبا بەکارهاتووە، ئەو کێلگە گازانە زیاتر لە لایەن کۆمپانیای دانا گازی ئیماراتی و کرینست پترۆلیۆم گاری لەسەر کراوە[23]

لە ڕووی هەژمونی بازاڕی نەوت و گازەوە، بەشێك لە لێکۆڵەرەوان پێیان وایە کە هەرێمی کوردستان دەتوانێ ببێتە جێگرەوەی رووسیا لە دابینکردنی گازی سروشتی بۆ وڵاتانی ئەوروپا، وەك ئاشکرایە ، وە رووسیا نزیکەی دوو لەسەر سێ 3/2ی گازی ئەوروپا دابین دەکات و زۆر جار رووسیا ئەم بابەتە وەکو کارتی فشار بەکاری دەهێنێت بەرامبەر وڵاتانی ئەوروپا [24]. لەبەر ئەم هۆکارەشە ئەوروپا خەریکی دۆزینەوەی چارەسەرێکە بۆ کەمکردنەوەی فشاری ڕووسیا لە ڕووی گازی سروشتیەوە،وە دەکرێت ئەوروپا بیر لە هەرێمی کوردستان بکاتەوە، لە ڕیگەی پرۆژەکانی(تاناب و تورکش ستریم)ەوە کە یەکێکی ترن لە ئەلتەرناتیڤەکانی

---

[20] Gunter, Michael is one of the political science scholars who focus on the Iraqi Kurdistan and its natural resources. He tried to link between the Iraqi Kurdistan independence and its energy powers oil and gas. For more information look at: Gunter, Michael M. Iraqi Kurdistan's two contrasting economic images. *International Journal of Contemporary Iraqi Studies* 6, no. 1 (January 2012): 89-95.

[21] مصطفى عبدالرسول احمد، اهمية الجيوستراتيجية لاقليم كردستان في العراق، دراسة منشورة في مجلة المستنصرية للدراسات العربية و الدولية، جا معة المستنصرية، عدد50، ص ص262-287

[22] نبيل عبد الرضا، القدرات التصديرية المستقبلة للغاز الطبيعي في العراق، 10-1-2012
http://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=291027

[23] هەمان سەرچاوە، 103.

[24] چنار بابکر، کاریگەی نەوت و گاز لەسەر پێگەی هەرێمی کوردستان، هەولێر, دەزگای موکریانی, 2016

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية– اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٣ ) – العدد ( ٢ )، ربيع ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەناردەكردنی گازی سروشتی هەرێم كوردستان بۆ ئەوروپا. واتا هەرێمی كوردستان دەتوانێ سوودی وەربگریت لەو پرۆژەی ڕاكێشانی بۆری گازانە، تا لە ئایندەدارێژەیەكی بەرچاو لە گازی سروشتی بۆ ئەوروپا دابین بكات، بەڵام ئەمە بەو مانایە نایەتكە كوردستان دەتوانێت ببێتە جێگرەوەی رووسیا، چونكە لەلایەك بە پێی داتا جێۆلۆجیەكان ڕێژەی یەدەگی گازی سروشتی ڕووسیا زۆر زیاترە لە یەدەگی گازی هەرێمی كردستان، لەلایەكی تریش، لە ساڵی ٢٠١٦دا كۆمپانیا "ڕۆز نەفتی" ڕووسی لە نوێترین ڕێكەوتنامەیدا لەگەڵ حكومەتی هەرێمی كوردستان، توانی بەبازاڕكردنی سەرجەم نەوت و گازی كوردستان بگرێتە ئەستۆی خۆی.[25] كەواتە دەتوانین بڵێین هەرێمی كوردستان دەتوانێت ببێت بە ناوچەیەكی گرنگی نوێ بۆ دابینكردنی وزە بۆ توركیا و یەكێتی ئەوروپا، بەڵام زۆر قورسە ببێتە بە جێگرەوەی ڕووسیا.

## 3.2: چوارچێوەی دەستووری و یاسایی نەوت و گاز لە عێراق و كوردستان:

لە عێراق بابەتی نەوت و گاز زیاتر كراوە بە پرسێكی سیاسی لەوەی زیاتر پرسێكی یاسایی و دارایی بێت، ئەمەش بە هۆی ناكۆكی نێوان لایەن و پارتە سیاسیەكانی عێراق و نەتەوە و پێكهاتە جیاجیاكانی عێراق و حكومەتی هەرێم و حكومەتی عێراقی فیدراڵ.

لە دەستوری هەمیشەیی عێراقی فیدراڵی 2005 دا لە ماددەی (111)ی دەستوور هاتووە كە نەوت و گاز مولكی هەموو عێراقیەكانە لە هەر پارێزگا و هەرێمێك بێت[26] بەلأم لە هەمان كاتدا مادەی (112)ی دەستوردا دەسەڵاتی حكومەتی ناوەندی لە كێڵگە نوێیەكان سنوردار كردوە،كە نابێت حكومەتی عێراق بەتەنهاكێڵگە نوێیەكان بەڕێوە ببات. هەروەها لە برگەی دووەمی مادەی 121ی دەستور هاتووە كە ئەگەر ناكۆكیەك لە نێوان دەسەلأتە تایبەتەكانی فیدراڵ دا هەبێت ئەوا حكومەتی هەرێم یاساكەی حكومەتی عێراق هەموار دەكات، هەروەها هەرێم مافی هەمواركردن و جێبەجێكردنی یاسای فیدراڵی لە هەرێم هەیە كە ئەگەر ناكۆكیەك لەسەر بابەتێك لە نێوان یاسای فیدراڵ و یاسای هەرێمەكان هەبوو كە لە سنوری ئەو دەسەلأتەدا نەبێت كە تایبەتن بە حكومەتی فیدراڵی، هەروەها لە مادەی (115)ی دەستور هاتووە كە هەر بابەتێك لە نێو دەسەڵاتە تایبەتەكانی حكومەتی فیدراڵی باس نەكرابێت كە لە مادەی (110)دا هاتووە ئەگەر ناكۆكی دروست بوو لە نێوان دەسەلأتە هاوبەشەكان كە لە مادەی 114 ئاماژەی پێكراوە، ئەوا پێشین بۆ یاسای هەرێم[27]. هەموو ئەو مادانە دەكرێت چاوی پیادا بخشێنرێتەوە و لە ڕێگەی پەرلەمانی عێراقەوە یاسایی تایبەتی بۆ دەربكرێت و تابتوانرێت زیاتر ڕوونبكرێتەوە.لەلایەكی تر، دەبێ حكومەتی عێراقی فیدراڵ بە هۆی ناكۆكیە سیاسیەكانەوە، نەیتوانیووە تا ئێستایاسای نەوت و گازی لە پەرلەمانی عێراق دەربكات لەسەر بنەمای دەستووری نوێی عێراقی.

25 وەزارەتی سامانە سروشتیەكان، حكومەتی هەرێمی كوردستان. ٢٠١٦.
26 بروانە دەستووری هەمیشەیی عێراقی فیدراڵی ساڵی 2005 كە لە لایەن گەلی عێراق پەسەند كراوە.
27 ماددەی 115 لە دەستوری هەمیشەیی عیراقی فیدراڵ 2005

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية– اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٣ ) – العدد ( ٢ )، ربيع ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لێرەدا دەبینین کە حکومەتی عێراقی فیدراڵ بە هۆی ناکۆکی سیاسی، پرۆژە یاسای نەوت و گاز لە پەرلەمانی عێراق پەسەند نەکراوە تاوەکو ئیستا (2017)، لە بەرامبەردا پەرلەمانی کوردستان دوای دوو ساڵ تێپەرین بەسەر دەستوری عێراق (2005) یاسای ژمارە (22)ی ساڵی (2007)ی تایبەت بە نەوت و گازی لە کوردستان دەرکرد و لە مادە 126 برگەی 4ی دەستوردا هاتووە کە دەسەلآتی هەرێم لە نێو دەسەلآتە تایبەتەکانی حکومەتی فیدراڵی نیە کە لێی بسەنرێتەوە یان هەموار بکرێت، بۆیە دەرنەکردنی یاسای نەوت و گازی سروشتی لە پەرلەمانی عێراق کێشە و ناکۆکی دروست کرد لەسەر چۆنیەتی بەرێوەبردنی کێلگە نەوتیەکان و ئەنجامدانی رێکەوتنامە لەگەڵ کۆمپانیا بیانیەکان و پرۆسەی هەناردەکردنی نەوت، بۆ نمونە لە یاسای نەوت و گازی کوردستان رێگە بە ئەنجامدانی رێکەوتنامەی هاوبەش دەدات لە نێوان حکومەتی هەرێم و کۆمپانیای بیانی بەلآم ئەم رێکەوتنامە بە لایەنی حکومەتی عێراقی جێگەی قبوڵکردن نیە لەبەر ئەوەی ئەم گرێبەستە ناگونجێت لەگەڵ گرێبەستی دەرهێنانی نەوت لە رێگەی تەندەر، بۆیە حکومەتی عێراق داوای لە کۆمپانیاکان کرد کە بە هیچ شێوەیەك گرێبەست لەگەڵ حکومەتی هەرێم واژۆ نەکەن بە پێچەوانەوە ناوی دەخرێتە لیستی رەش، بەلآم لەگەڵ ئەوەشدا حکومەتی هەرێم نزیکەی 48 گرێبەستی لەگەڵ کۆمپانیاکانی نێودەوڵەتیە بیانیەکان واژوو کرد، بۆ مەبەستی ئەنجامدانی وەبەرهەم هێنان لە بواری نەوت و گازدا.

## باسی سێیەم

## ململانێکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و عێراقی فیدراڵ لەسەر نەوت و گاز

### 1.3: چوارچێوەی دەستوری ململانێی نێوان هەرێم و ناوەند

هەرێمی کوردستان، بەپێی ماددەی ١١٧ دەستوری هەمیشەیی عێڕاقی ساڵی ٢٠٠٥، وەك یەکەیەکی فیدراڵی سیاسی و ئیداریی یەکگرتوو دانی پێ دانراوە. وە حکوومەتی ناوەندیش عێڕاقیش لە ڕووی سیاسی و ئابوورییەوە، پێویستە بە شێوەیەکی یەکگرتوو، لە ڕێگەی حکوومەت و دامەزراوە شەرعییەکانییەوە مامەڵە لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا بکات. سەبارەت بە وزەی هەرێمی کوردستانیش، بەپێی ماددە دەستوورییەکانی ١١١، ١١٢، دەبێت بە هەماهەنگیی نێوان هەر دوو حکوومەتی هەولێر و بەغدا بەڕێوە ببردرێت. بەڵام مێژووی ململانێکانی نێوان هەولێر و بەغدا، وێنەیەکی تەواو جیاوازمان دەداتێ. بۆ زیاتر تێگەییشتن لە

[28] د.فالح الخياط، وقائع ندوة الثروة النفطيةفي العراق في ضوء مسودة القانون النفط الغاز، المركز العربي للدراسات الاستراتيجية، العدد1/ 2207، ص 23-26

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية– اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٣ ) – العدد ( ٢ )، ربيع ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

وێنەی ململانێکانی نێوان حکوومەتی هەولێر و بەغدا، دەبێت بزانرێت کە تا ئەم ساتە (2017) پرسی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان، لە نێوان دووستراتیجدا بە شێوەیەکی هەڵواسراو ماوەتەوە:[29]

**یەکەم: ستراتیجی بەناوەندیکردن (بەمەرکەزیکردن)ی بەهێزی ئابووری:** کە بریتیە لە هەوڵدان بۆ کۆنترۆڵکردن و بەڕێوەبردنی سەرجەم داهات و نەوتی عێراق بە نەوتی کوردستانیشەوە، لە لایەن حکوومەتی ناوەندیی بەغداوە. ئەم ستراتیژییەتە، بە شێوەیەکی پلاندارێژراو لە لایەن ئەقڵییەتێکی سیاسییەوە بەڕێوە دەچێت، کە مێژووی سیاسەتکردنیان دەگەڕێتەوە بۆساڵی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو، بەتایبەتی دوای خۆماڵیکردنی نەوتی عێراقی لە ساڵی ١٩٧٢دا. تا ئێستاش ئەم سیاسەتە لە لایەن بەشێکی زۆری لایەنە سیاسییە عەرەبە عێراقییە باڵادەستەکان بەردەوامیی هەیە و، کار بۆ دووبارە کۆنترۆڵکردنەوەی سەرجەم نەوت و گازی عێراق دەکەن. هەروەها ماوەی چەند مانگێکیشە بەشێك لە لایەنە کوردستانیەکانس بە هەمان شێوە، لە کاتی توندبوونەوەی ململانێ سیاسییەکانی نێوانیان، دەیانەوێت هەمان ئاراستە و ستراتیژی دژ بەیەکتر بەکاربهێنن.

**دووەم: ستراتیجی شۆڕکردنەوەی دەسەڵاتە ئابوورییەکان:** کە بریتییە لە بەشداربوون و دابەشکردنی سەرجەم دەسەڵاتە ئابوورییەکان، بە دەسەڵاتی بەڕێوەبردنی نەوت و گازیشەوە، کە دەبوایە لە لایەن سەرجەم هەرێم و پارێزگاکان بەڕێوە ببردرایە. بەڵام بە درێژاییی ١٠ ساڵی ڕابردوو، تا ئێستاش تەنیا لە لایەن هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی ئاشکرا، کار لەسەر مافی دابەشکردنی دەسەڵاتەکان دەکرێت، بەتایبەتی مافی بەڕێوەبردنی نەوت و گاز، کە ئەمەیش مافێکی دەستوورییە، بەپێی ماددەکانی ١١٠، ١١١، ١١٢ی دەستووری نوێی عێراق.

هەر لەسەر بنەمای ئەو دوو ستراتیژییەتە، نەوتی کوردستان لە نێوان هێزی ئابووری و سیاسیی هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان و بەغدای پایتەختی عێراقی فیدڕاڵ، دووچاری چەندین ململانێ بووە، تا لە دواجاردا بە شێوەیەکی ستراتیژی بۆ یەکەم جار لە ساڵی ٢٠١٣دا، لە ڕێی بەندەری جیهانی تورکییەوە، جێگەی خۆی لەناو بازاڕی نێودەوڵەتیی وزەدا کردەوە. ئەمەیش پاش ئەوەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاری هەرناردەکردنی نەوتی دا، دوای ئەوەی لە حکوومەتی ناوەندیی بەغدا و، بڕینی بەشە بودجەکەی لە ساڵی ٢٠١٤دا، بێئومێد بوو.

## 2.3 : مێژووی ململانێکانی نێوان هەولێر و بەغدا لەسەر نەوت و گاز

لە ئێستادا دیارترین ململانیەکانێ نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان حکوومەتی ناوەندی لە بەغدا لەسەر داهات و چۆنێتی بەڕێوەبردنی نەوت و گازە، بەتەواوەتی دەرکەوتووە. ئەو ململانێیانە دەگەڕێتەوە بۆ پێش ساڵی ٢٠٠٧، بەدیاریکراوی

[29] شالاو عبدالخالق، سەرچاوەی پێشوو.

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية– اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٣ ) – العدد ( ٢ )، ربيع ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دوای دامەزراندنی حكوومەتی نویٚ لە بەغدا لە ساڵی ٢٠٠٦دا. دوای ئەوەی حكومەتی عێراقی یاسای نەوت و گازی عێراقی لەسەر بنەمای دەستوری نویٚ عێراق دەرنەكرد، و هاوكاری هەرێمی كوردستانیشی نەكرد بۆ دەرهێنانی وزەكەی. لە بەرامبەردا هەرێمی كوردستان، بەهاوكاری كۆمپانیا نێودەوڵەتیەكان و پاڵپشتی هێزە هەرێمایەتی و نێودەوڵەتیەكان، دەستی كرد بە وەبەرهێنان و دەرهێنانی وزەكەی، لەسەر بنەمای گرێبەستی بەرهەمی هاوبەش. ئەوەش گەورەترین ململانێی سیاسی و ئابووری دروستكرد لەگەڵ لە نێوان هەولێر و بەغدا، سەرەڕای كێشەكانی، ناوچە جێ ناكۆكەكان و پێشمەرگە و بووجە. كە لە دەرەنجامدا، حكومەتی ناوەندی بەغدا بە بڕیارێكی سیاسی دوور لە یاسا بووجەی هەرێمی كوردستانی بڕی. كە دەتوانین بڵێین لێرەوە گەورەترین دابەشبوون و لێكدووركەوتنەوە لە نێوان هەولێر و بەغدا درووست بوو.[30]

بەشێوەیەكی گشتی، هەرێمی كوردستان بە پێی داتا جیۆلۆجیەكان خاوەنی ٤٥تا ٥٠ ملیار بەرمیل نەوتی یەدەگ و ٢٠٠ تریلیۆن پێ سێ جا، یەدەگی گازی سروشتیە. وە گرنگترین و دیارترین كێڵگە نەوتی و گازێكانی ناو هەرێمی كوردستان كە نەوت و گازی تیادا دۆزراوەتەوە بریتین لە كێڵگەكانی (خورمەڵە. شێخان، ئەتروش، تاوكێ، تەقتەق، كوردەمیر، شێخ عادی، پوڵكانە، تۆپخانە، چەمچەماڵ، كۆرومۆر، میران، بیناباوی، سومەیل)[31] . وە ئەو كێڵگانەی دەكەونە سنوری پارێزگای كەركوك و لەكاتی ئێستادا لە ژێر دەسەڵاتی فەرمانڕەوای كوردەكاندایە بریتین لە (كەركووك، بابە گوڕگوڕ، جمبور، بای حەسەن، ئاڤانا، نانەوا، كێڵگەی بور، خەباز)[32] .

ئەگەر بە دیاریكراوی باسی ململانێكانی نێوان حكوومەتی هەرێمی كوردستان و حكوومەتی ناوەندیی عێراق بكەین لەسەر كەرتی نەوت و گاز، دەتوانین بڵێین دەگەڕێتەوە بۆ پێش ساڵی ٢٠٠٧، بەدیاریكراوی دوای دامەزراندنی حكوومەتی نوێ لە بەغدا لە ساڵی ٢٠٠٦دا. لەو كاتەدا، هەرێمی كوردستان هەوڵی دا سوود لەو مافانە وەربگرێت كە لە ڕێگەی دەستووری نوێی عێراقەوە بە هەرێمەكان بەخشراوە، بەتایبەتی ئەو دەسەڵاتانەی كە تایبەتمەندە بە هەرێمەكان و دەسەڵاتە هاوبەشەكانی نێوان هەرێم و حكوومەتی ناوەندی، هەروەك لە ماددەكانی ١١٣، ١١٤، ١١٥ی دەستووری نوێی عێراقدا هاتووە.

لێرەدا ململانێ و گفتوگۆكان لەسەر چۆنیەتیی پێشخستنی كەرتی نەوت و گازی هەرێمی كوردستان لە نێوان حكوومەتی هەرێمی كوردستان و حكوومەتی عێراقی فیدراڵ بە شێوەیەكی فەرمی دەستی پێ كرد، بەتایبەتی لەسەر چۆنیەتیی كاراكردنی ماددەكانی ١١١، ١١٢ی دەستووری عێراق، ساڵی ٢٠٠٥. لەو كاتەدا سەرۆكی هەرێمی كوردستان "مەسعود بارزانی"، چ وەك بڕیاربەدەستێكی سیاسیی دانیشتنەكانی ئەو كاتەی دووبارەبنیاتنانەوەی عێراق و، چ وەك شاهێدحاڵێكی چۆنیەتیی سەرهەڵدانی ململانێكان لەسەر كۆنترۆڵ و بەڕێوەبردنی سامانە سروشتییەكانی نەوت و گاز لە عێراقدا، دەڵێت "پاش ئەوەی لە ساڵی ٢٠٠٦ تا ٢٠٠٧ حكوومەتی فیدراڵی لە بەغدا، هیچ هەنگاوێكی پراكتیكیی بۆ چالاككردنی ماددە دەستوورییەكانی ١١١، ١١٢ نەنا" ئەوە

[30] Hanauer, Larry and Laurel E. Miller. Resolving Kirkuk: Lessons Learned from Settlements of Earlier Ethno-Territorial Conflicts. Santa Monica, CA: RAND Corporation, 2012.

[31] وەزارەتی سامانە سروشتیەكان، حكومەتی هەرێمی كوردستان. ٢٠١٦.

[32] وزارة انفط العراقي. حقول النفط في العراق.2013.

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية– اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٣ ) – العدد ( ٢ )، ربيع ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بوو لە مانگی شوباتی ٢٠٠٧دا، بە ئامادەبوونی "زەڵمای خەلیلزاد"، باڵیۆزی ئەوکاتەی ئەمریکا لە بەغدا، کۆبوونەوەیەك بۆ ڕێككەوتن لەسەر وردەکارییەکانی یاسای نەوت و گازی عێراقی لە نێوان لایەنە باڵادەستە سیاسییەکانی عێراقدا ساز درا. بەپێی ئەو ڕێككەوتننامەیە، کە هاوپێچێکیشی لەگەڵدا بوو، لەو هاوپێچەدا نووسراوە کە "ئەگەر پەرلەمانی فیدراڵی لە بەغدا تا مانگی پێنجی ساڵی ٢٠٠٧، یاسای نەوت و گاز لەسەر بنەمای دەستووری نوێی عێراق دەرنەکات، کەواتە لەسەر بنەمای ئەو ڕێككەوتننامەیەی کە لە بەرژەوەندیی سەرجەم پێکهاتەکان لە نێوان لایەنەکاندا واژوو کراوە" ئەوا هەرێم و پارێزگاکان و حکوومەتی ناوەندیی عێراق، ماف خۆیانە هەر یەك بەجیا، لە پێناوی پێشخستنی کەرتی نەوت و گازی ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی خۆیان، گرێبەستی تایبەت بە نەوت و گاز لەگەڵ کۆمپانیا نێودەوڵەتی و ناوخۆییەکان واژوو بکەن، هەتا ئەو کاتەی یاسای نەوت وگازی عێراق لە لایەن پەرلەمانی فیدراڵی لە بەغدا، دەردەکرێت[33]."

بەڵام ئەوەی شایەنی ئاماژەپێدانە، ئەوەیە کە پەرلەمانی عێراق بە هۆی ململانێ سیاسی و ئابوورییەکانی نێوان پێکهاتەکانی عێراق، نەیتوانی یاسای نەوت و گاز دەربکات. بەڵام وریایی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەوەدا بوو، کە بەتەواوەتی متمانەی خۆی بە حکوومەتە نوێیەکەی عێراق نەبەخشی و، ڕاستەوخۆ دوای ڕووخانی ڕژێمی سەددامی دیکتاتۆر لە ساڵی ٢٠٠٣دا، هەوڵی ڕاکێشانی کۆمپانیا نێودەوڵەتییە جیهانییەکانی دا. هەروەها دوای ساڵی ٢٠٠٦وە، لە ڕێگەی وەزارەتی سامانە سروشتییەکانەوە، هەنگاوە پراکتیکییەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەستی پێ کرد و، لەسەر بنەمای ماددەکانی ١١١، ١١٢ی دەستووری نوێی عێراق و ئەو هاوپێچەی کە لەگەڵ لایەنە سیاسییەکان و حکوومەتی عێراق واژوو کرابوو، پاڵپشت بە یاسای نەوت و گازی ساڵی ٢٠٠٧ی پەرلەمانی کوردستان، دەستی کرد بە واژووکردنی گرێبەستی جۆری بەرهەمی هاوبەش بە شێوەیەکی بەرفراوان. دەتوانین بڵێین، ئەمە خاڵ و ساتی دەستپێکردنی ململانێکانی نێوان حکوومەتی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی ناوەندیی عێراق لە بەغدا بوو، لەسەر چۆنیەتیی بەڕێوەبردن و کۆنترۆڵی کەرتی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان. کە ئەم ململانێیە تا ئێستایش بەردەوامیی هەیە.

## 3.3: قووڵبوونەوەی ململانێکان لەچوارچێوەی سروشتی گرێبەستی کۆمپانیاکاندا

لە ڕووی ئەنجامدانی گرێبەستە هاوبەشەکانەوە (Production Sharing Contracts) لەگەڵ کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی وزە، لە سەرەتادا وەزارەتی سامانە سروشتییەکان گرێبەستی لەگەڵ کۆمپانیاکانی وەك "Addax" کە دواتر لە لایەن "Sinopec Group"ی چینی کڕایەوە و، کۆمپانیای "DNO"ی نەرویجی و، "Genel Energy"ی تورکیدا واژوو کرد. پاش دەرکردنی یاسای نەوت و گاز لە ساڵی ٢٠٠٧دا لە لایەن پەرلەمانی کوردستانەوە و، هەر لەسەر بنەمای هەمان یاسایش هەروەك باسکرا، ئەنجوومەنێکی نەوت و گاز بۆ سەرپەرشتیکردنی سەرجەم مەلەفی نەوت و گاز دامەزرێنرا. لەو کاتەوە حکوومەتی

---

[33] شالاو عبدالخالق محمد، دیبلۆماسیەتی خوێنی ڕەش، زانکۆی لوبنانی فەرەنسی، دەزگای تەفسیر بۆچاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر 2017.

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية– اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٣ ) – العدد ( ٢ )، ربيع ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی بەرفراوان، دەستی کرد بە واژووکردنی گرێبەستە هاوبەشەکان لەگەڵ کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی وزەدا.[34]

هەنگاوەکانی حکوومەتی هەرێم لە هێنانی کۆمپانیاکان و پێشخستنی ژێرخانی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان، بەردەوام بوو تا ساڵەکانی ٢٠١٢، و ٢٠١٣. لە دەرەنجامدا حکوومەتی عێراقی فیدراڵ لە بەرامبەر ئەو پێشکەوتنە یەك لە دوای یەکەکانی کەرتی وزەی هەرێمی کوردستان، بەشێك لە کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی خستە لیستی ڕەشەوە لە نموونەی کۆمپانیاکانی Exxon Mobilی ئەمریکی و Genel Energy ی تورکی. پاساوی حکوومەتی عێراقی فیدڕاڵ ئەوەبوو، کە ئەو کۆمپانیایانە، مامەڵە و گرێبەستیان لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستان واژوو کردووە بەبێ پرس و ڕەزامەندی بەغدا. لەوەش زیاتر لە ساڵی ٢٠١٤دا، بودجەی خەڵکی هەرێمی کوردستانی بڕی، لە چەند دادگەیەکی نێودەوڵەتی لە نموونەی دادگەی بازرگانی لە فەرەنسا و دادگەی ناوەندیی تەکساس داوای یاساییی لە دژی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەرزکردەوە، بە بیانووی ئەوەی نەوتی عێراقی، بە قاچاغ و بەبێ پرس دەفرۆشێت. سەرەڕای ئەو کەموکوڕییانەی لەم مەلەفەدا هەیە، دەتوانین بڵێین تا ڕادەیەکی زۆرباش، حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ململانێکانی بەرامبەر بە بەغدا و، ڕەتکردنەوەی ئەو تۆمەتانەی ئاراستەی دەکران، سەرکەوتوو بوو. لە دەرەنجامیشدا، ئەوەی کە بەبێ کێشە، نەوتەکەی لە ڕێگەی بەندەری جیهانەوە لەناو بازاڕەکانی نێودەوڵەتیی وزەدا دەفرۆشێت.[35]

## 4.3: کێشەی بە ناناوەندی کردنی نەوت و گاز لە عێڕاقدا دوای ساڵی 2005:

بەلامەرکەزیکردنی سامانە سروشتییەکان، بە خاڵێکی گرنگ و وەرچەرخانێکی سیاسی و ئابووریی دادەنرێت بۆ سەرجەم ئەو وڵات و هەرێمانەی کە بە سامانە سروشتییەکان دەوڵەمەندن، بەتایبەتی سامانە سروشتییەکانی نەوت و گاز و سەرچاوەکانی تری وزە. چۆنێتی جێ بەجێ کردنی بە ناناوەندی کردنی نەوت و گاز لە عێڕاقدا سەرەتا پەیوەندیدارە بە ماددەکانی دەستووری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥، بەتایبەتی مادەکانی ١١١، ١١٢ی تایبەت بە نەوت و گاز، لە پاڵ مادەکانی ١١٣، ١١٤، ١١٥ی تایبەت بە دەسەڵاتەکانی حکومەتی هەرێم و پارێزگا و دەسەڵاتەکانی حکومەتی ناوەندی.

خاڵی سەرەتای خستنە بواری جێبەجێکردنی مادده دەستوریەکانی تایبەت بەنەوت و گاز لە عیراقدا بە ئاراستەی سیستەمی بەناناوەندی کردن دەبوو لەڕێگەی دەرکردنی یاسایەکی تایبەت بە نەوت و گازەوە بێت لە پەرلەمانی عیراقی فیدراڵدا . بەڵام دەرنەکردنی ئەو یاسایە هەر لە سەرەتاوە مەبەستێکی سیاسی و هەژموونی ئابوری لە پشتەوە بوو . دەبوایە لەڕێگەی ئەو یاسایەوە سیستەمی ناناوەندی چۆنیەتی بەڕێوەبردنی نەوت و گاز بچەسپایە، بەشێوەیەك کە لەبەرژەوەندی حکومەتی ناوەندی و حکومەتی هەرێم و سەرجەم پارێزگاکان بووایە . هەروەها بە سەرنجدان لەو ڕەشنوسەی لەپەرلەمانی عیراقەوە ئامادەکرا لەساڵی

---

[34] Billon, Philippe. Oil, Secession and the Future of Iraqi Federalism. Middle East Policy, 22: 68–76. (2015).

[35] Razzouk, Nayla. Iraq Threatens to Cut Revenue to Kurds Over Pipeline. Bloomberg business. (September, 2013). http://www.bloomberg.com/. (Accessed, Nov, 2014).

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية– اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٣ ) – العدد ( ٢ )، ربيع ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

2006 بۆ چۆنیەتی بەڕێوەبردنی نەوت و گاز، تێدەگەین خواستی دەسەڵاتی فیدراڵی لەعیراق بەناوەندی کردنی ئەو بەڕێوەبردنەیە نەوەك بەناناوەندی کردنە.[36]

ئەوەی جێگەی ئاماژەپێدانە، بەلامەکەزیکردنی سامانە سروشتییەکان، دەکرێ لە ڕێگەی هەردوو جۆری لامەرکەزییەکەوە بێتە دی، بێگومان، بە مەرج و ڕێکاری جیاوازەوە. بەڵام بۆ بەلامەرکەزیکردنی نەوت و گاز و سامانە سروشتییەکان، پرۆفیسۆر جێسی سی ڕیبوت Jesse C. Ribot لە نووسینی لامەرکەزیەتی دیموکراتی بۆ سامانە سروشتییەکان، دوو خاڵی گرنگ دەستنیشان دەکات کە ئەوانیش بریتین لە[37]:

یەکەم: گواستنەوەی دەسەڵاتێکی کاریگەر Transferring efficient Power، بە شێوەیەکی پارێزراو، کە بتوانێت بڕیار لەسەر کەرتی سامانە سروشتییەکان بدات و بەڕێوەی ببات.

دووەم: بەرپرسیارێتیی نوێنەرایەتی Accountable Representation، هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی لە لایەن نوێنەرانی ئەو هەرێم و ناوچانەی کە سامانە سروشتییەکانی تێدایە.

ئەگەر لەسەر بنەمای ئەو دوو مەرجەی سەرەوە، خوێندنەوەیەکی ئەکادیمی و ڕیالیستییانە بۆ بەلامەرکەزیبوونی کارگێڕیی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان (پەیوەندیدار بە کۆنترۆڵی نەوت و گازی ژێرخاکی پارێزگا جیاجیاکان) بکەین، بۆمان دەردەکەوێت گواستنەوەی دەسەڵاتێکی کاریگەر لە حکومەتی فیدراڵی بەغداوە بۆ حکومەتی هەرێم و سەرجەم پارێزگاکانی تری عیراق ، زۆر ئەستەمە. لە بەرامبەریشدا، نوێنەرانی‌ەتی بەهێز لە هەرێمی کوردستان و پارێزگاکانی تری عیراق نەبێت، کە بەرپرسیارێتیی ئەو داهاتە زۆرە بگرنە ئەستۆ، کە بە هۆی نەوت و گازەوە دەست هەرێم و پارێزگاکان دەکەوێت، ئەوا دەبێتەهۆی سەرهەڵدانی ململانێ سیاسی و ئابووریی توند، وەك ئەوەی کە ئێستا لەنێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی عیراقی فیدراڵدا سەریهەڵداوەو بەردەوامی هەیە.

بەهەمان شێوە، ئەگەر ئەو لامەرکەزییە کارگێڕی و داراییە، لەسەر بنەمای گواستنەوەی دەسەڵاتێکی کارگێڕیی داراییی کاریگەر نەبێت، ئاکامەکەی زۆر ترسناك دەبێت، هەروەك ئەوەی (جەیسی ریبۆت) ڕوونی کردۆتەوە، چونکە بابەتی بەڕێوەبردن و مامەڵەکردن بە سامانە سروشتییەکانی نەوت و گاز لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و ناوخۆیی، پرۆسەیەکی داینامیکیی پڕ لە بەرژەوەندیی گشتی و تایبەتی ئاڵۆزە Public and Private interests. ئەو بەرژەوەندییانەیش بە شێوەیەکی بەردەوام بەپێی هەڵکەوتەی شوێنی جیۆپۆلیتیکی و سیستەمە ئابووری و سیاسییەکان، کار دەکاتە سەر ڕێوشوێنەکانی کۆنترۆڵ و بەڕێوەبردنی سامانە سروشتییەکان، بەتایبەتی نەوت و گاز.

---

[36] 4. د.فالح الخياط، وقائع ندوة الثروة النفطيةفي العراق في ضوء مسودة القانون النفط الغاز، المركز العربي للدراسات الاستراتيجية، العدد1/ 2207، ص 23-26

[37] Jesse C. Ribot, Democratic Decentralization of Natural Resources Democratic Decentralization of Natural Resources- Institutionalizing Popular Participation, WORLD RESOURCES INSTITUTE, 2002, pp; 10-18

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية– اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٣ ) – العدد ( ٢ )، ربيع ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## دەرئەنجام

لە دەرئەنجامی توێژینەوەکەدا گەیشتینە چەند دەرەنجامێك:

1/ لە دەستوری عیراقیدا پرسی بەریوەبردنی نەوت و گاز بەشێوەیەکی رێژەیی بە ناناوەندی کراوە لەرێگەی ئەو دەسەڵاتە هاوبەشانەی لەنێوان حکومەتی ناوەندی و حکومەتی هەرێمی کوردستان هەیە . بەڵام دەستور ووردەکاریەکانی ئەو بەرێوەبردنەی گواستۆتە بۆ ئەو یاسایەی تایبەت بەو پرسە دەردەچێت، بەڵام تا ئێستا ئەو یاسایە لەپەرلەمانی عیراقیەوە دەرنەچووە. لەنمونەی برگەکانی یەکەم و دووەمی ماددەی 112 تایبەت بەچۆنیەتی بەرێوەبردنی نەوت و گاز لەنێوان حکومەتی ناوەندی و حکومەتی هەرێم.

2/ ئەو دەرەنجامەی سەرەوە کاریگەریەکی زۆری هەیە لەسەر چۆنیەتی گواستنەوەی دەسەڵاتێکی کاریگەرو بەهێز لە حکومەتی ناوەندیەوە ب حکومەتی هەرێم و پارێزگاکان، هەر ئەمەش کاردەکاتە سەر لاوازبوونی چاودێری دارایی و کارگێری کە دەبێت لەلایەن نوێنەرانی هەرێم و پارێزگاکانەوە بکرێت، لەنمونەی ئەندام پەر لەمانەکانی هەرێمی کوردستان و ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگاکان بۆ بابەتی داهاتی نەوت و گاز و چۆنیەتی بەرێوەبردن و هەناردەکردنی.

3/ بە هۆی سیاسەت و ستراتیژیەتی حکومەتی عێراقی فیدراڵ بۆ بە ناوەندی کردنی بەڕێوەبردنی پرۆسەی نەوت و گاز لە عێراق بە گشتی بووەتە هۆی دروستبوونی نا سەقامگیری دارایی و سیاسی لەعیراق بە گشتی و فراوانبوونی ململانێکانی نێوان حکومەتی هەریمی کوردستان و عێراقی فیدڕاڵ بەتایبەتی.

4/ ئەگەر سیاسەتی بە نا ناوەندیکردنی بەرێوەبەردنی نەوت و گاز لە عێراق ئەگەر بەشێوەیەکی تەندروست بەرێو ەبچێت، دەبێتە هۆی سەقامگیری دارایی و سیاسی لەعیراق بە گشتی و کەمکردنەوەی ململانێکانی نێوان هەولێر و بەغدا بەتایبەت، بەڵام بەهۆی ناتەندروستی ئەو ناناوەندی کردنە، واقعێکی پێچەوانە دروست بووە، بەشێوەیەك کە حکومەتی ناوەندی لەبەغدا هەمیشە هەوڵی زیادکردنی دەسەڵاتەکانی دەدات لەرێگەی کۆنترۆڵکردنی سەرجەم نەوت و گازی ناوچە جیاجیاکانی عیراق. ئەمەش وادەکات ململانێیە سیاسی و داراییەکان بەردەوام بێت و پێدەچێت لەدواجاردا پارچە پارچەبوونی عیراقی لێ بکەوێتەوە.

5/ بوونی بۆشایی یاسایی تایبەت بە بواری نەوت و گاز بە هۆی دەرنەکردنی یاسای نەوت و گازی سروشتی لە پەرلەمانی عێراق یەکێکە لە فاکتەرە بەهێزەکان کە کێشەکانی نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی عێراقی فیدراڵی قولترکردۆتەوە , بۆیە لە ئەگەری بە نا ناوەندیکردنی پر ۆسەی بەڕێوەبەردنی نەوت و گاز لە عێراق ئارامی و سەمامگیری باڵ دەکێشێت بەسەر پرۆسەی سیاسی و یاسایی لە عێراق. ئەمەش گریمانەی توێژینەوەکەمان دەسەلمێنێت.

## لیستی سەرچاوەکان:

**یەکەم: یاساکان:**

1. **دەستوری هەمیشەیی عێراقی فیدراڵ** 2005.
2. **یاسای ژمارە (**22**)ی ساڵی (**2007**)ی تایبەت بە نەوت و گاز لە پەرلەمانی کوردستان.**
3. **پرۆژە یاسای تایبەت بە نەوت و گاز لەلایەن حکومەتی ناوەندی**

**دووەم: کتێب:**

4. ا.د.محمد كامل ليلة، النظم السياسية (الدولة و الحكومة)، دار الفكر العربي، 1969
5. نبيل عبدالرحمن الحياوي، اللامركزية و الفيدرالية، المكتبة القانونية، الطبعة الثالثة، بغداد 2007
6. د.حسن محمد، المبادىء الاساسية للقانون الاداري، دراسة مقارنة، المؤسسة الجامعية للدراسات و النشر و التوزيع، الطبعة الاولى، بيروت، 1997
7. د. عامر ابراهيم أحمد، الادارة اللامركزية الاقليمية في القانون العراقي (دراسة مقارنة مع القانون الاماراتي ) مكتبة زين الحقوقية و الادبية/ الطبعة الاولى، بيروت2013
8. أحمد علي أحمد، التنظيم الاداري في دول الاتحادية، رسالة مقدمة لنيل درجة ماجستير في الحقوق، كلية الحقوق و العلوم السياسية – جامعة بيروت العربية، بيروت2014
9. **شالاو عبدالخالق محمد، دیبلۆماسیەتی خوێنی رەش، زانکۆی لوبنانی فەرەنسی، دەزگای تەفسیر بۆچاپ و بلاوکردنەوە، هەولێر** 2017.
10. **چنار بابکر، کاریگەی نەوت و گاز لەسەر پێگەی هەرێمی کوردستان، هەولێر, دەزگای موکریانی,** 2016.
11. **هۆگر ئیبراهیم حکیم، سروشتی دیموکراسی لامەرکەزیەتی کارگێری، چاپخانەی رۆژهەلأت، هەولێر** 2017 ، ل 127
12. طه حميد حسن، العراق بين اللامركزية و الفيدرالية
13. Jesse C. Ribot, Democratic Decentralization of Natural Resources Democratic Decentralization of Natural Resources- Institutionalizing Popular Participation, WORLD RESOURCES INSTITUTE, 2002.
14. Billon, Philippe. Oil, Secession and the Future of Iraqi Federalism. Middle East Policy, 22: 68–76. (2015).
15. Razzouk, Nayla. Iraq Threatens to Cut Revenue to Kurds Over Pipeline. Bloomberg business. (September, 2013). http://www.bloomberg.com/. (Accessed, Nov, 2014).
16. Hanauer, Larry and Laurel E. Miller. Resolving Kirkuk: Lessons Learned from Settlements of Earlier Ethno-Territorial Conflicts. Santa Monica, CA: RAND Corporation, 2012.

**سێیەم**: گۆڤاری زانستی:

17. Касаев Э. О. Ирак: о перспективах развития и рисках российского нефтяного бизнеса. Восток (ORIENS). № 2, 2001. С. 57.

18. د.اسماعيل صعصاع غيدان، "اللامركزية الادارية الاقليمية في العراق -دراسة في تداخل اختصاصات و الرقابة " دراسة منشورة في مجلة رسالة الحقوق، جامعة كربلاء، العدد الخاص بالبحوث المؤتمر القانوني الوطني الاول، 2002

19. مصطفى عبدالرسول احمد، اهمية الجيوستراتيجية لاقليم كردستان في العراق، دراسة منشورة في مجلة المستنصرية للدراسات العربية و الدولية، جامعة المستنصرية، عدد50، ص ص262-287

20. د.فالح الخياط، وقائع ندوة الثروة النفطيةفي العراق في ضوء مسودة القانون النفط الغاز، المركز العربي للدراسات الاستراتيجية، العدد1/ 2207، ص 23-26

22. د.فوزي حسين سلمان و فريد كريم علي، " اللامركزية الادارية في العراق مالها و ما عليها – دراسة مقارنة" دراسة منشورة في مجلة رافدين للحقوق، المجلد (15) العدد 55، سنة 17

**چوارەم: ماڵپەرەکان:**

23. سایتی وەزارەتی نەوتی حکومەتی عێراقی فیدراڵ (www.oil.gov.iq) .

24. وێبسایتی فەرمی وەزارەتی سامانە سروشتیەکانی هەرێم: www.mnr.krg.org

25. سيدي أحمد ولد أحمد سالم ، الفط العراقي..الاحتياطي والإنتاج، رێکەوتی سەردان (20–10–2017).
http://www.aljazeera.net/specialfiles/pages/71684a9a-631d-4fca-beed-2871c93d3d77

26. نبيل عبد الرضا، القدرات التصديرية المستقبلة للغاز الطبيعي في العراق، 10–1–2012
http://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=291027

**مجلة قەڵای زانست العلمية**

مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية– اربيل، كوردستان، العراق

المجلد ( ٣ ) – العدد ( ٢ )، ربيع ٢٠١٨

رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**ملخص**

تعتبر اللامركزية في السلطات السياسية والاقتصادية من المشكلات المعقدة داخل الحكومة العراقية الجديدة بعد انتهاء نظام صدام حسين. ومن ابرز المشاكل في عملية اللامركزية السلطات هو مشكلة كيفية تحقيق اللامركزية في إدارة ومراقبة النفط والغازبين الحكومة المركزية في بغداد والحكومات المحلية والإقليمية اخرى داخل عراق . منذ ذلك الحين ، لم يتمكن البرلمان الفيدرالي العراقي من إصدار قانون النفط والغاز تبعاً للدستور العراقي الجديد ، لذلك من عام 2007 وحتى الآن ، ازدادت النزاعات خطوة بخطوة بين الحكومة الفيدرالية العراقية في بغداد وحكومة إقليم كردستان في أربيل.

وبعد مرور 13 عامًا على إعادة بناء الحكومة العراقية الجديدة ، تعد السيطرة على حقول النفط والغاز وإدارتها واحدة من أكبر المشكلات بين الحكومة الفيدرالية والحكومات الإقليمية في العراق ، لأن الحكومة الفيدرالية العراقية تريد أن تمركز كل الصلاحيات تحت سلطتها . لحل هذه المشكلة ، على البرلمان العراقي أن يصدر قانون النفط والغاز الجديد تبعاً للدستور العراقي الجديد,و هذه القوانين يجب أن تعطي سلطةفعالة للحكومات المحلية والإقليمية؛ التي تسمح لهذه الحكومات بإدارة مواردها الطبيعية، طالما أنها لا تتعارض مع سياسات ومصالح الحكومة الفيدرالية في بغداد . في المقابل، يجب أن تعطي هذه القوانين نوع صلاحيات للممثليين الشعب في البرلمان ,من أجل مراقبة عملية إدارة النفط والغاز بين الحكومات الفيدرالية والإقليمية داخل العراق.

**Abstract**

Decentralizing political and economic authorities is one of the strongest problems inside new Iraqi government after Saddam Hussein's regime. The main complicated problems for the Iraqi government is to decentralize is managing and controlling oil and gas relying on the Iraqi new constitution. Since, the Iraqi federal parliament could not issue the oil and gas law depending on Iraqi new constitution, so from 2007 till now the conflicts step by step has grown significantly between the Iraqi federal government in Baghdad and Kurdistan region government in Erbil.

Now after 13 years in rebuilding the Iraqi new government, controlling and managing the oil& gas fields is one of the highest problem between federal and regional governments in Iraq, because the Iraqi federal government want to centralize these powers under its authority. For solving this problem, Iraqi parliament has to issue the new oil and gas law relying on the Iraqi new constitution. These laws have to give some effective powers for local and regional governments; that let these governments to manage and rule their natural resources, as long as does not contradict the policies and interests of the federal government in Baghdad. In contrast, these laws must give powers to accountable representation in parliament for monitoring the process of managing and controlling oil and gas between federal and regional governments inside Iraq.